*Journal of Language Studies.* **Vol. 5, No. 2, Winter 2022, Pages (272-294)**

JORNAL OF LANGUAGE STUDIES

IRAQI Academic Scientific Journals

العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# Aesthetics of Ideological Poetry: Latif Helmet, Abdullah Peshew and Rafiq Saber as a Model

**Prof. Dr. Ali Tahir Huseein***
**University of Sulaymaniyah**
**E.mail: husseein@univsul.edu.iq**

------------------------------------------------

**Mohmmed Aziz Nasralla**
**University of Sulaymaniyah**
**E.mail: mohmmed.nasralla@univsul.edu.iq**

## Keywords:

- Aesthetics
- Ideological poetry
- Lateef Helmet
- Abdullah Peshew
- Riq Saberaf

## Article Info

**Article history:**

**Received: 28-12-2021**

**Accepted: 15-2-2022**

**Available online**

## Abstract

The notion of Ideology was used at the end of 18th century and the beginning of 19th century , it was just for the sake of searching the Right thoughts and comparing them to the wrong ones ,then they all together were called( Ideology) ,things like ((Socialism ,Communism ,Fascism ,Nationalism),each of such ideologies came in different epochs of time and became popular beliefs ,literature and literal productions, poetry for example, were put at the service of such beliefs ,to commit to one of such ideologies effects the aesthetics and the beauty of the literature of course ,as per the Type of the ideology and its superiority, this superiority could be seen in the Text , effects the value of poetry, in this research we speak about effect and superiority of Ideology ,we take the Poems of(Latif Helmet, Abdullah Peshew and Rafiq Saber) as a model .The title of the research is The aesthetics of Ideological poetry (Latif Helmet, Abdullah Peshew and Rafiq Saber) as a model, the methodology of the research is complimentary ,it is a new critical method ,tries to collect and put together all the critical methods (internal and external ) ones, the research apart from introduction and result ,consists of two axels ,in the First one there is description of

* **Corresponding Author**: Dr. Ali Tahir Huseein**, E.Mail**: husseein@univsul.edu.iq
**Tel**: +9647750157074 **, Affiliation**: University of Sulaymaniyah -Iraq

| | |
|---|---|
| | Ideology &its Notion ,in the second one there is the aesthetics values of Poem like ( poetic Lyrics, Poetic Images ,symbols and borrowing ) and their reflections on the ideological poems of (Latif Helmet, Abdullah Peshew and Rafiq Saber). |

**جمالية الشعر الفكري (لطيف هلمت و عبدالله بشيو و رفيق صابر) نموذجا**

**أ. د.علي طاهر حسين– جامعة السليمانية– كلية اللغات**

**محمد عزيز نصر الله –جامعة السليمانية–كلية اللغات**

| **الكلمات الدالة:-**<br><br>–جمالية<br>–الشعر الفكري<br>لطيف هلمت<br>–عبدالله بشيو<br>–رفيق صابر<br><br>**معلومات البحث**<br>**تاريخ البحث:**<br>**الاستلام: 28_12_2022**<br>**القبول: 15_2_2022**<br>**التوفر على النت** | **الخلاصة :** جمالية الشعر الفكري (لطيف هلمت و عبدالله بشيو و رفيق صابر) نموذجا ان مفهوم الايدولوجيا استعمل لاول مرة في اواخر القرن الثامن عشر و بداية القرن التاسع عشر و كان ذلك من اجل التحقيق في الافكار و المعتقدات و مقارنة المعتقد الصحيح و الخطأ ، و بعد ذلك سمي كل تلكم المبادي (ايدولوجيا) مثل (الاشتراكية،الوطنية،الفاشية و الشيوعية ) و قد جاءت الايدولوجيات تلك في اوقات مختلفة و اصبحوا الفكر السائد للناس و كان يستعمل النتائج الادبية و الشعر في خدمة العقائد تلك و ان الالتزام له تاثر استاتيكي على الشعر حسب نوع الفكرة و تفوقه التي تتماثل في النص الادبي و بنفس المستوى ياثر على شعرية الشعر (اي يقيمة و تاثيره على الشعر) و في هذا البحث نقدم تاثير و تفوق الفكرة في اشعار (لطيف هلمت و عبدالله بشيو و رفيق صابر ). ان عنوان البحث هو (جمالية الشعر الفكري ) و قد اخذنا اشعار عبدالله بشيو و لطيف هلمت و رفيق صابر كنموذج ، ان طريقة البحث في هذا البحث هي طريقة التكامل المتبع و هي طريقة(منهج) نقدية جديدة و هي محاولة لجمع و ترتيب و تاهيل كافة الطرق(الاساليب) النقدية (الخارجية و الداخلية ) ، مكون البحث ما عدا المقدمة و النتيجة يتكون من محورين، في المحور الاول هناك بحث حول مفهوم و مكون الفكرة و تعريف بها و المحور الثاني هو حول القيم الجمالية مثل (الموسيقى الشعرية و الصورة الشعرية و العلامات و الاستعارة ) و انعكاسهم في اشعار (لطيف هلمت و عبدالله بشيو و رفيق صابر) |
|---|---|

# ئیستاتیکییەتی شیعری ئایدۆلۆژی
# (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر) بە نموونە

**پ.د. علی طاهر حسین**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان**
---------------------------------------------
**محمد عزيز نصرالله**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان**

**پێشەکی:**
چەمکی ئایدۆلۆژیا بۆ یەکەمجار لەلایەن (ئەنتوان دیستوت دوتراسی) لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نوزدەیەم هاتەکایەوە، سەرەتا بۆ لێکۆڵینەوە لە بیروباوەڕەکان و جیاکردنەوەی بیروباوەڕی ڕاست لە ناڕاست بەکاردەهات، دواتر بە هەموو ئەو بیروباوەڕە جیاوازانە دەوترا، کە هاتنەکایەوە، لەوانە: (ناسیۆنالیزم، سۆشیالیزم، فاشیزم، کۆمەنیزم...)، لەگەڵ هاتنەکایەی هەر یەکێک لەو بیرباوەڕانە لە کات و سەردەمێکی تایبەتدا، کە بوونە بیروباوەڕی باو، بەرهەمە ئەدەبییەکان بەگشتی و شیعریش بە تایبەتی وەک خزمەتی ئەو بیروباوەڕە باوانە بەکاردەهات، ئەو پابەندبوونەیش کاریگەری بۆ سەر شیعر لەڕووی ئیستاتیکییەوە دەبێت، بەپێی جۆری ئایدۆلۆژیاکە باڵادەستیی بیروباوەڕەکە لە دەقەکەدا ڕەنگدەداتەوە، بەو ئاستەش کاریگەری بۆ سەر شیعرییەتی شیعرەکە دەبێت، لەم توێژینەوەدا ئەم کاریگەریی و باڵادەستییەی ئایدۆلۆژیا بە نموونەی دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر) دەخەینەڕوو.
**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئیستاتیکییەتی شیعری ئایدۆلۆژی ( لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر) بە نموونە.
**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەدا میتۆدی تەواوکاری پەیڕەوکراوە.
**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو تەوەر پێکهاتووە، کە لە تەوەری یەکەمدا چەمک و پێناسەی ئایدۆلۆژیا باسکراوە، لە تەوەری دووەمیشدا بەها ئیستاتیکییەکان و ڕەنگانەوەیان لە شیعرە ئایدۆلۆژیاکانی (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر) خراوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم/ چەمک و پێناسەی ئایدۆلۆژیا:

ئایدۆلۆژیا (Ideology) واتە زانستی بیر، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی یۆنانی وەرگیراوە: ئایدیۆ واتە بیر، لۆژی واتە زانست، لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا سیاسەتمەدار و فەیلەسوفی فەڕەنسی (ئەنتوان دیستوت دوتراسی) (١٧٥٥-١٨٣٦) یەکەم کەس بوو لە کتێبی (ڕەگەزەکانی ئایدۆلۆژیا لە ١٨٠١ )دا ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە، پێیوایە ئایدۆلۆژیا ئەو زانستەیە، کە لە ڕاستی، یان ناڕاستیی ئەو بیرانەی لای خەڵکی هەن، دەکۆڵێتەوە. ( ئەسوەد، ٢٠١٥،ل٣٤).

هەرچەندە بە تێپەڕبوونی کات زاراوەی ئایدۆلۆژیا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لە جیاتی زانستی بیروڕاکان، مانای کۆمەڵێک بیروڕا و هزری سەبارەت بە مرۆڤ، کۆمەڵگە و جیهانی لەخۆگرتووە (حداد،٤٧، ١٩٩٩). کەواتە چەمکی ئایدۆلۆژیا بێجگە لە مانا یەکەمەکەی مانای تریشی وەرگرتووە.

لەهەمانکاتیشدا ئایدۆلۆژیا بە مانای دووەم بە دوو شێوە بەکاردەهێنرێت: یەکەم: بەمانای سنورداری وشە، کە لە چەمکە سەرەتاییەکەی نزیکترە و تەنها ئایدۆلۆژیاکان، یان بیروڕا و

هزرە توندڕەوەکان، واتە (ناسیۆنالیزم، سۆشیالیزم، فاشیزم، کۆمەنیزم...) دەگرێتەوە، دووەم: بەمانای فراوانی وشە هەر جۆرە تیۆرییەکی نوێکار و ئاڕاستەدار، یان هەر هەوڵێک بۆ نزیکردنەوەی زانستی سیاسەت لە کۆمەڵە بیروڕایەک دەگرێتەخۆی، بەدەربڕینێکی دیکە ئایدۆلۆژیا لەمانای گشتی خۆیدا هەر جۆرە قوتابخانەیەکی سیاسی دەگرێتەخۆی، ئەگەر توندڕەو بێت وەک (کۆمەنیزم و فاشیزم)، یان میانڕەو بێت وەک (لیبرالیزم) ، هەروەها چەشنە جیاجیاکانی فیکری سۆشیالیستی. (محەمەد، ٢٠٠٩،ل٩٧).

هەروەها زاراوەی ئایدۆلۆژیا لە وشەی لاتینی ئایدیا، کە بە مانای بیر، یان ڕا و زەین، وەرگیراوە، ئایدۆلۆژیا زانستێکی بەرپرسیارە، زانستێکە، کە ئامانجەکەی خزمەتە بە مرۆڤایەتی و پاراستن و پشتیوانی لە مرۆڤ و ڕزگارکردنی زەینی مرۆڤ، لە دەمارگیریی و ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ ئەوەی بە دەسەڵاتی عەقڵ ڕازیبێت. (غولامەرزا، ٢٠٠٣ ،ل١١٦).

یاخود زاراوەی ئایدۆلۆژیا لە دوو برگە پێکهاتووە: ئایدیۆ واتە ئامانج، هزر، بیروباوەڕ، خەیاڵ، لۆژی واتە ناسین، کۆی وشەکە واتە بیروباوەڕناسی، لەڕووی زاراوەیشەوە، ڕوانینێکی تایبەتە، کە مرۆڤ هەیەتی بەرانبەر کایە و بوارەکانی ژیان، وردترین پێناسەیەک، کە جەوهەر و حەقیقەت و ڕۆڵی بنەمای ئایدۆلۆژیا لەخۆدەگرێت، ئەوەیە کە: ئایدۆلۆژیا بەردەوامبونی غەریزەکانی ناو مرۆڤە. ( شەریعەتی،٢٠١٧،ل٢١٤).

هەروەها زاراوەی ئایدۆلۆژیا لە وشەی یۆنانی (idea)، کە پێش ئەوەی مانای هزر بدات، بە گەلێک مانای تر هاتووە وەک: ڕوخسار، وێنە، وێنەی نموونەیی...، وشەی لۆژی (logia)، بۆ دیاریکردنی هزر و بیری زانستییە، واتە پرۆگرامی زانیاریی یان هزریی دەگەیەنێت، ئەم وشەیە پێکهاتووە لە وشەی یۆنانی (logos)، هەروەها ئەم وشەیە لە چاوگی (legein)نەوە وەرگیراوە بەمانای گفتوگۆ، یان هەڵبژاردن دێت.( وهبە، ١٩٨٥، ٣٣).

بەڵام دواتر زاراوەی ئایدۆلۆژیا پێناسەیەکی بەرفراوانتری بۆ کرا، بەگشتی ئەو بیرکردنەوە و تیۆرانەن، کە بە کردەوە هەوڵدەدەن بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێکی تایبەت، تەنها پشت بەلایەنی تیۆری نابەستن، یان بە وتەی (مارکس)، جگە لە ڕاڤە و شیکردنەوەی جیهان، هەوڵدەدەن جیهان بگۆڕن، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە ئایدۆلۆژیا پێناسەیەکە بۆ سیستەمە فکری، فەلسەفی، ئاینەکان، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەریان لەسەر دیاریکردنی ڕێباز و کردەوە و هەڵوێستی لایەنگرەکانیان لەمەڕ پرس و بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە. (غولامەرزا، ٢٠٠٣،١١٦).

هەروەها زاراوەی ئایدۆلۆژیا لە بوارەکانی فیکر و فەلسەفە و سیاسەتدا بە مانای جیاجیا بەکارهات، بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەرداهات، مانای ئەرێنی و نەرێنی وەرگرتووە. لە نێوانی ئەو پێناسە جیاوازو جۆراو جۆرانەی کە بۆ ئایدۆلۆژیا هەیە، بەم شیوەیە پێناسەی دەکەن:

1. پەیڕەوێکی بیروباوەڕی ڕامیاری.
2. کۆمەڵێک لە بیروباوەڕی ڕامیاری جێبەجێکراو.
3. بیروباوەڕی چینی باڵادەست.
4. دنیابینی چینێک یان دەستەیەکی کۆمەڵایەتی.
5. ئەندێشە ڕامیارییەکان، کە هێما و دەرخەری سود و کەڵکی چینایەتی، یان کۆمەڵایەتین.
6. باوەڕێک کە گەیەنەری ئاگایی درۆینەیە لە نێوان چەوسێنەران، یان زوڵملێکراواندایە.
7. ئەو بیروباوەڕانەی پەیڕەوکەرانی دەباتە ناو بونی کۆمەڵایەتی، دروستکەری هەستێکی ئینتیمای گشتییە.
8. کۆمەڵێک بیروباوەڕی دانپیانراو، کە ڕیپێدراوبوونی شێوازێک، یان پەیڕەوێکی ڕامیاری بەکاردێت.

9. ڕێبازێکی/ (ئاینێک، یاسایەک)ی ڕامیاری فرەلایەن و بەربڵاوە، کە خوازیاری پاوانکردنی زانین و درکی ڕاستییەکانە.
10. کۆمەڵێک بیروباوەڕی ئامانجدار و زۆر ڕێکوپێکە. (رایگان، ١٣٦٣فەرهەنگی عەمید).

ئایدۆلۆژیا لە زۆر ڕووەوە پەیوەندی بە زانستی کۆمەڵناسی یان بە ناسینەوەی زانستییەوە هەیە، ئایدۆلۆژیا لە مانای ئاسایی و سادەیدا ئاماژەیە بە زانستی بیروباوەڕ، یان باوەڕناسی، ئەم زاراوەیە لە سەرەتایی سەرهەڵدانییەوە واتای نەرێنی و تانە و تەشەری دەگەیاند، (ئایدۆلۆژیست) بە کەسێکی خەیاڵپەروەر ئەژماردەکرا، کە بە هیزرێکی دوور لە واقعی خۆی دڵخۆش دەکرد . (اندروهی وود،١٣٨٧ ،٣١). ئایدیۆلۆژیا لای (مارکس) بریتییە لە هۆشیارییەکی ساختە دەربارەی ڕاستییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، نەزانینێکی کۆکراوەیە، ئەندامانی چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەشداری تیادا دەکەن، دەبارەی ڕاستییەکی مێژوویی پەیوەست بە چینێک. (محەمەد، ٢٠٠٩ ،١١)

دواتر نزیکەی هەمان واتای لە ئایدۆلۆژیا لە قوتابخانەی (مارکس) هاتووە و بە شیکردنەوەی فەلسەفە-کۆمەڵناسی. بە تێکەڵکردنی بابەتەکان (مارکس) بڕیاریدا، کە ئایدۆلۆژیای بە هۆشیاری ساختە بەرامبەر دانایی داناوە، مەبەستی لە ئاگایی یان هۆشیاری ساختە ئەوەیە، کە کەسێک دواکاری هۆشیارییە، بەڵام لە ڕاستی و دروستی نائاگایە و بەهۆکاری هەبوونی چۆنییەتی تایبەتی بوێریەوە ڕاستیی بۆ ئەو بەشێوەیەک ئاشکراکەر دەرکەوتووە، بەم پێیە کەوابوو نێوانی ئایدۆلۆژیا و زانستی تەواوەتی و ڕاستی جیاوازە، زانستەکان و هۆشمەندانی هەقیقەت، کە هەمان زانستە ئاگاداریان هەیە، کە حەقیقەتی ڕاستی دنیا و پارێزراوی لە ژێر کاریگەری چۆنیەتی باری دارایدایە، بە بۆچونی (مارکس) زانست گرنگ و جێگەی بایەخە، بەڵام ئایدۆلۆژیا لە بەرامبەر زانست پێچەوانەیە.

زانست و ئایدۆلۆژیا هەردوکیان دوو وتەی ناسراون، یەکەمیان زانستی حەقیقەت، دووەمیان زانستی فریودەرە، بەم شێوەیە یان بە پێی ئەم ڕیزبەندییەیی قوتابخانەی مارکسیزم لە نێوان زانست و ئایدۆلۆژیا دژایەتی هەیە، هەرچەندە ئەمە پێناسەی تەواوی ئایدۆلۆژیا نییە. ئایدۆلۆژیا تەواو پێچەوانە و هاوشێوەی ئاگاییە و بەڵام نائاگاییە، خزمەتکاری بەرژەوەندییە، ڕەوایی بە دەسەڵات دەدات، گرێدراوە بە هێز، سیفەت، شۆڕش و هەڵگەڕانەوە، تەواو پێچەوانەی بیر و هۆشە بەبێ بەڵگە، بروبیانوهێنانەوەی گونجاو بۆ بەرژەوەندی، ئایدۆلۆژیا پێش هەموو شتێک پەیوەندی بە ژیری مرۆڤەوە هەیە، بە بەستنی دەست و چاو ژیریی تۆمەتباردەکرێت .( سروش، ١٣٨٦ ،٧٩).

(فریدریش ئینگیلس) لە کتێبی (لودرێک فۆیرباغ)، کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمان(١٨٨٨)، بۆمان ڕوندەکاتەوە، کە هونەر زۆر بە پیتتر و پڕ پێچوپەناتر لە تیۆری سیاسی و ئابورییە، چونکە هونەر کەمتر خاوەن ڕوخساری ئایدۆلۆژی ڕووتە، لێرەدا گرینگە لە مانای وردی ئایدۆلۆژی لە دیدی مارکسیزمەوە تێ بگەین، ئایدۆلۆژیا لە قۆناغی یەکەمدا بریتی نییە لە کۆمەڵێک فێرکاری، بەڵکو ئایدیۆلۆژیا باسی ئەو شێوازە دەکا، کە لە سۆنگەیەوە مرۆڤەکان ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگای چینایەتیدا دەگێرن، ئایدۆلۆژیا دەربڕی ئەو بەها و هزر و ئاماژانەیە، کە مرۆڤەکان بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە گرێدەداتەوە، بەم شێوەیە پێش بە ناسینی ڕاستەقینەیان بۆ کۆمەڵگا دەگرێت. (ئیگڵتن، ٢٠١٦،ل٤٠).

هەروەها (کارل مانهایم) (١٨٩٣-١٩٤٧)، پێیوایە هەموو فیکرێک، یان خەیاڵی(یۆتۆپی)یە، یان ئایدیۆلۆژییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی مێژوویی و سەردەم و هەروەها بۆ چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، فیکری یۆتۆپی هەوڵدەدات ئاینده بە دەست بهێنێت و گۆڕانکاری ئەنجام بدات، بەڵام ئایدۆلۆژیا ئەو بیرەیە، کە دەیەوێت هەلومەرجی ئێستا وەک خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەیەت، بۆ نموونە لەسەدەی هەژدەیەم لە

ئەوروپادا، (لیبرالیزم) فکرێکی یۆتۆپی بوو، پاشان لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا بەرەو ئایدیۆلۆژیا ڕویشت. (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٣٥).

(فرانسیس بیکۆن) لە (١٥٦١-١٦٢٦)دا لە پەرتوکێک بە ناونیشانی (مەنطیقی جەدیدیە-١٦٤٠) بە باسێک لە بەرگریی زانستی شێلگیرانەی بە دنیا گەیاند، کە بتەکان و تارماییەکان، کە بوونە جێگەی باوەڕ، لە ڕۆژگاری دێرینەوە هۆشی مرۆڤیان دیلکردووە، لە ئەم هەوڵە سەرەتایەدا بۆ دەربازکردنی بیری مرۆڤ لە چنگی تارماییەکان، توانی لە زۆر لایەن ئایدۆلۆژیا ببینیت، کە دواتر لە مێژوودا چەند جار دووبارەبوییەوە، لە تێگەشتنی ئایدۆلۆژیای دیاریکرد باوەڕی درۆینە و باوەڕی ڕاستی نهێنی بوو، خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیا بەم شێوەیە، کە چۆن بتوانین نێوان بتەکان و ڕاستی جیاوازی بکەین بە بناغەی فەلسەفی ناسانە بە جۆری هەموو بۆچونی هەیە. ( محەمەد قائد، ١٣٧٥، ١٢).

بە پێچەوانەی (مارکس و ئەنگلز)ەوە، (ئالتوسێر)، ڕایگەیاند " ئایدۆلۆژیا نەمرە". مەبەستیشی ئەوە بوو کە تاکەکان بە شێوەیەکی حەتمی لە شێوازێکی دیاریکراودا بیر لە هەلومەرجە واقعییەکانی بونیان دەکەنەوە، ئەوان ڕونکردنەوەیەکی وێنەیی بەرهەمدەهێنن دەربارەی ئەوەی، کە چۆن پەیوەندییان بە جیهانی واقیعەوە هەیە، ئایدۆلۆژیا نواندنێک بوو لەو پەیوەندییانە.( مایکڵ فردین، ٢٠١٢، ٢٣).

هەروەها (سلاڤۆی ژیژک) بۆ سەرەتاییترین پێناسەی ئایدیۆلۆژیا، وتە ناسراوەکەی (مارکس) لە کتێبی سەرمایەدا باسدەکات، کە دەڵێت: " نازانن چیە، بەس هەر دەیشیکەن".

(سلاڤۆی ژیژک) پێیوایە چەمکی ئایدیۆلۆژیا جۆرێک لە ساویلکەیی بنەڕەتی و جەوهەریی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەو مانایەی کە ئایدۆلۆژیا دەرهەق بە پێشگریمانە وجودییەکان و هەلومەرجی کرداریی خۆی، توشی هەڵەناسینەوە دەبێت، نێوانێک دەخاتە نێوان واقیعی کۆمەڵایەتی و ئەو نواندنەوە شێواوەی خۆمانەوە، کە بۆ واقیع هەمانە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، کە دەتوانین ئەم هۆشیارییە ساویلکانەیە بخەینە بەردەم ئەو خوێندنەوە ڕەخنەییەوە، کە پێیدەوترێت ڕەخنەکردنی ئایدۆلۆژیا، ئامانجی ئەم جۆرە خوێندنەوانە، گەیاندنی ئاگایی ئایدۆلۆژیی ساویلکانەیە بۆ خاڵێک، کە بتوانێت هەلومەرجی کرداری خۆی و واقیعە کۆمەڵایەتییە شێواوەکە بناسێتەوە، هەر لەم ڕێگەیەشەوە خۆی خۆی تێپەڕێنێت و لەناوببات، لە کۆپییە ئاڵۆزەکانی ئەم ڕەخنەی ئایدۆلۆژیایە، بۆ نموونە کۆپی پەرەپێدراوەکەی قوتابخانەی (فرانکفۆرت)، کیشەکە تەنیا ئەوە نییە، کە شەتەکان واتە واقیعی کۆمەڵایەتی بەو جۆرەی، کە هەن ببینرێن و چاویلکەی شێوێنەری ئایدۆلۆژیا فڕێبدرێت، بەڵکو کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە، کە واقیع ناتوانێت بەبێ ئەم شتە خۆی بەرهەمبێنێتەوە کە پێی دەوترێت کوێرکردن و شێواندنی ئایدۆلۆژیی، دەمامکی ئایدێلۆژیی تەنها دۆخی ڕاستەقینەی شتەکان ناشارێتەوە، بەڵکو ئەم شێواندنە لە جەهەری شتەکان خۆیاندا هەڵکۆڵراوە. (عەلی، ٢٠١٩، ٩ ).

(عبداللە العروی) لەسەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێت " وشەی ئایدۆلۆژیا لە هەموو زمانە زیندووەکاندا وشەیەکی نامۆیە" وشەکە گەرچی فەڕەنسییە مانا زمانەوانییەکەی خۆی نەپاراستووە، ئەوەی کە کەم کاری لەسەر کراوە مانای ئەوە نییە ئێشی ئێمە لێرەدا ئاسانترە، بە پێچەوانەوە هەرکات وشەی ئایدۆلۆژیامان بەکارهێنا، دەبێت لە کۆیەکی فراوان و ناکۆک و فرەڕوو بکەینەوە.

(تێری ئیگڵتون) دەڵێت " بێتوانایمان لە دیاریکردنی مانای وشەکە ناگەڕێتەوە بۆ نەزانینمان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مانا ناکۆکانەی وشەکە لە خۆیدا کۆیاندەکاتەوە، ئەم مانا ناکۆکانەش بەشێکن لە گەمەی ئایدۆلۆژیا خۆی، گرنگترین و فەلسەفیترین بەکارهێنانەکانی وشەی ئایدۆلۆژیا لای باوانی فیکری کۆمۆنیستی دەبینینەوە، ئەو مانایەی (مارکس) دەیدات بە ئایدۆلۆژیا تا ئێستاش مانای هەرە باو و ناسراوی پشت وشەکەیە، مانایەکە چەندە یاری بە زاراوەکە بکەین لێیدەرناچین. لای (مارکس) ئایدیۆلۆژیا بەجۆرێک لە جۆرەکان هۆشیارییەکی ساختەیە، بەبڕوای ئەو تێگەیشتنی مرۆڤ لە مێژوو و حەقیقەتی مێژوو خۆی دوو دونیای

جیاوازن، شت لە خۆیدا ماهییەت و بوونێکی هەیە، شتیش بۆ ئێمە واتە وێنەکەی لای ئێمە بوون و ماهییەتێکی جیاوازە، ئایدۆلۆژیا قۆناغێکە وێنەی شتەکان لە بوونە واقیعی و سروشتییەکەیان لادەدات. (عەلی، ٢٠١٩ ،٩).

(میشیل فۆکۆ) پێیوایە دەسەڵات لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەسەڵاتێکە ناوی بایۆ دەسەڵاتە، یان بایۆ سیاسەت، ڕیشەکانی ئەم فۆرمە سیاسییە دەسەڵات دەباتەوە بۆ سەدەکانی هەژدە و نۆزدە، پێشتریش یۆنان کە دەسەڵاتێکی دیار بوو، بەڵام کە ئەو دەسەڵاتە جەوهەری خۆی لە دەستداوە، ئیدی لێرە کاری ئایدۆلۆژیا دەگۆڕێت و دەبێت بە پراکتیکی ڕاستەوخۆ، ئینجا ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ ڕێگاکان تێکەڵ بە جومگەکانی دەسەڵات دەبن، بەشێک لە بیرمەندانی چەپی ئەمڕۆ کە موناقەشەی بەشەکانی ژیان و ڕێگای ژیانی ڕۆژانە دەکەن، پێیانوایە ئایدۆلۆژیا ئەوەی دوێنێ نییە، کە چۆن بیربکەینەوە لە دۆخی گوزەرانی خۆت، بەڵکو ئەوەیە کە چۆن ئەوە بکەیت کە سیستەم دەیەوێت. (محەمەد، ٢٠١٨ ،١٥).

هەروەها دەربارەی سیفەتی حەقیقەت و گەڕان بۆ حەقیقەت، سیفەتێکی ئایدیۆلۆژی نییە: سیفەتێکە لە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیا پەیوەندیی بە عەقڵانیبوون و گەڕانە بۆ دۆزینەوە، ئەوەی ئایدۆلۆژیا دەیەوێت ڕێکخستنی تاکەکان و قۆناغی دروستکردنی تاکێکە، ئەو تاک و کۆمەڵگەیەی ئایدۆلۆژیا دروستیان دەکات بەدوای وەڵامی پرسیاری((ڕاستی چییە))؟دا ناگەڕێین! بەڵکو لەناو فەزای ئایدۆلۆژیدا ملکەچی دەبێتە بنەمایەک بۆ تێنەگەشتن لە دۆخەی ئایدۆلۆژیا دروستی دەکات، بکەری ئایدۆلۆژی، کۆمەڵگەی ئایدیۆلۆژی، نەزانین دەکاتە زانین، جۆرێک لە شەیدایی و خۆونکردن دێتە ئاراوە، گریمانەی هەڵە بە تەواوەتی ون دەبێت و گریمانەی_من ڕاستم_شوێنی هەڵەکە دەگرێتەوە، گریمانەی هەڵە لەناو ئایدیۆلۆژیادا نییە، هەمیشە ڕاستیەک و حەقیقەتێک هەیە و هەڵەیەک لە ئارادا نییە. (گۆران، ٢٠١٩، ٥٣).

کاتێک خەڵکی وشەی ئایدۆلۆژیا دەبیستن زۆرجار گرێدەدەنەوە بە "یزمەکانەوە" وەک کۆمەنیزم، فاشیزم، ئانارشیزم، هەموو ئەو وشانە ئاماژەن بە ئایدۆلۆژیا، بەڵام پێویستە لێرەدا تێبینییەک بۆ وریاکردنەوەی بخرێتەڕوو. "یزم" زاراوەیەکی تا ڕادەیەک ئاشنا و کەمێک زبرە، تەنانەت لە ئەمریکا " (لیبرالیزم)یش بەو بۆیاخە ڕەنگدەکرێت. ئەمە پێمان دەڵێت، کە ڕستێک ئایدیای ساختەی بونیادگرتوو هەیە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ژیانی ڕۆژانە لابراون، لە لایەن ئەو هێزانەی بەدەستەڵاتن لە ئێستا و لە داهاتوودا، ئەوان دەیانەوێ جیهانی سیاسەت کۆنترۆڵ بکەن و بمانخەنە ژێر باری ڕێبازێکی بیرکردنەوە و ڕەفتاری چەقبەستوو، بەڵام هەموو "یزم" ێک ئایدۆلۆژیا نییە (ئۆپتمیزم) گەشبینی، قسەی ژیرانە (ویتیسیزم)، هەموو ئایدۆلۆژیایەکیش بە نابەدڵی لە بەرزاییەکەوە فڕێنادرێتە ناو کۆمەڵگەیەک، کە بەم هۆیەوە بیروباوەڕە واقیعییەکانی تێکبشکێت و وەکو چەکێکیش لە دژی باوەڕ نەهێنەرەکان بەکار ناهێنرێت. (مایکل فردین،٢٠١٢ ،٢٤).

بەڵام لای (پۆڵ ڕیکۆر) مەرج نییە ئایدۆلۆژیا هەموو کات هەڵگری مانایەکی سلبی بێت، بەو پێیەی لە کۆمەڵگادا چەندین ئایدۆلۆژیای جیاواز هەن هەمیشە لە ململانێدان، لە لای (میشێل فۆکۆ) ئایدۆلۆژیا بریتییە لە گوتارێک، کە هی زۆرینەیە، لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا (مۆریس کۆدۆلێ، کۆرنالیۆس، کاستۆریادیس) مانای سلبیان لە ئایدۆلۆژیا سڕییەوە، (لیبرالیزم، مارکسیزم، ئیسلامیزم، کۆمۆنیزم، ئانارشیزم، فاشیزم...هتد)، ئامانە ئەو چەمکانەن کە بە ئایدۆلۆژیا ناودەبرێن، لە هەر قۆناغێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ڕامیاریدا ، یەکێک، یان پتر لەم بیروباوەڕانە بە ئایدۆلۆژیای گشتی و باو دەبن.( ریکور، ٢٠٠٢، ٦٥ ).

(کارڵ مارکس و فریدریک) دەڵێن: "ئێمە تەنها زانستێک دەزانین، ئەویش زانستی مێژووییە. مرۆڤ دەتوانێت بە دوو لایەن سەیری مێژوو بکات و بیکات بە دوو بەشەوە: مێژووی سروشتی و مێژووی مرۆڤ. هەرچۆنێک بێت ئەو دوو لایەنە لە یەکتری جیاوازن، لەو کاتەوەی مرۆڤ هەبووە مێژووی سروشتیش وابەستە بە ئەوەوە بووە. مێژووی سروشتی کە پێی دەڵێن زانستی سروشتی لێرەدا زۆر پەیوەندیمان پێوەی نییە، بەڵام دەبێت لێکۆڵینەوە لە

مێژووی مرۆڤ بکەین. مادام ئایدۆلۆژیا بەگشتی شیکاری هەڵەدەکات بۆ مێژوو، یان ئەوەتا دەیگەیەنێتە هەڵپەساردن، کەواتە ئایدۆلۆژیاش تەنها بە ڕوویەکە لەو ڕووانەی مێژوو دادەنرێت .(مارکس، ئەنگڵس، ٢٠١٧، ١٣).

کەواتە زاراوەی ئایدۆلۆژیا هەڵگری چەمکێکی فرەمانایە و بە پێی قۆناغ و گۆڕانکارییەکان مانای ئەرێنی و نەرێنی هەڵگرتووە. سەرەتا زاراوەکە بۆ هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕەکان بەکارهاتووە، کە مەبەست لێی ئەوە بووە ڕاستی ناڕاستی و سەرچاوەی بیروباوەڕەکان بزانێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات، بەڵام دواتر بۆ ناونان لە هەر فیکر و بیروباوەڕێک گۆڕا، کە بەردەوام لە هەوڵی گۆڕینی فیکرە باو و چەسپاوەکاندا بووە، بەڵام دواجار ئەم زاراوەیە بۆ هەموو بیروباوەڕ و تێڕوانینێکی تایبەت بۆ ژیان بەکارهاتووە، جا هەندێکجار ئەم بیروباوەڕانە پەرگیر یان میانڕەویش بن، بۆ نموونە کەسێک کە هەڵگری بیری (فاشیزم، کۆمەنیزم)، یان (لیبرالیزم) بێت هەر بە کەسێکی ئایدۆلۆژی یان ئایدۆلۆژیست دەناسرێت.

**تەوەری دووەم/ ئیستاتیکییەتی شیعری ئایدۆلۆژی:**

سەرەتا بۆ هەڵسەنگاندنی شیعری ئایدۆلۆژیی لە ڕووی ئیستاتیکییەوە، بە پێویستی دەزانین هەڵوێستەیەک لەسەر پێوەر و بەها ئیستاتیکییەکان بکەین، پێوەر و بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێن، چونکە پێویستی و ئارەزوو و دنیابینی مرۆڤەکان گۆڕانیان بەسەردادێت.

ئیستاتیکا زاراوەیەکی فەلسەفییە بۆ زانستێک بەکاردەهێنریت، کە لە مەرجەکانی جوانی و پێوانەکانی لە چێژی هونەریدا، لە بڕیارەکانی بەها پەیوەستەکان بە شوێنەوارە هونەرییەکانەوە، هەروەها لە بەرزترین ئاستەکانی پەیوەندییە جوانییەکانی مرۆڤ بە واقیعەوە دەکۆڵێتەوە. (مستەفا، ٢٠٠٩، ٢٠). کەواتە ئیستاتیکا گرنگی بە کاری هونەری لە ناوخۆیدا و ئەو پەیوەندییەیشی بە ژینگەی دەرەوە هەیە دەدات.

هەروەها دەربارەی وشەی ئیستاتیکا (Aesthetic ) بۆ یەکەمجار لەلایەن زانای ئەڵمانی (ئەلیکساندەر بۆمگارتنAlexander Baumgarten) (١٧١٤-١٧٦٢) لە ساڵی (١٧٣٥) لە کتێبی (Aesthetic)دا بەکارهاتووە. (حسێن، ٢٠٠٨، ١٧). ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان و لە وشەی (ئیسیزیس Aisthesis) وەرگیراوە، ئەم وشەیە بە چەند واتایەک لێکدراوەتەوە، لەوانە: (هەستکردن یاخود تیۆری هەستکردن، یان هەستکردنی ویژدانی، یاخود زانینی هەستی زانین بەهۆی هەستەوە)، کە زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندەکان ئەم واتایەی دوایی پەسەند دەکەن. (مستەفا، ٢٠٠٩، ل٢١).

ئەوەی کە لەم تەوەرەدا بەلای ئێمەوە گرنگە بەهای ئیستاتیکییە، کە ڕۆڵێکی گرنگ و چالاکی لە شیعردا هەیە، هەروەها کاتێک ئێمە باسی باڵادەستیی ئایدۆلۆژیا لە شیعردا دەکەین، پێویستە بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر بخەینەڕوو، چونکە بە ئەندازەی باڵادەستیی ئایدۆلۆژیاکە بەها ئیستاتیکییەکانیش پاشەکشە دەکەن، هەربۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری بخەینەڕوو کە بریتین لە:

1. مۆسیقای شیعری
2. وێنەی شیعری
3. ڕەمز

**یەکەم/ مۆسیقای شیعری:**

مۆسیقا یەکێکە لە پێکهاتە ئیستاتیکی و ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعر، مۆسیقای شیعر هەر شتێکە لە شیعردا کە تایبەتمەندی دەنگی هەبێت و خاوەن کاریگەری ئیستاتیکی یان گوزارشتی بێت. (مستەفا، ٢٠٠٩، ١٠٧).

لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا لە جیاتی ئەو مۆسیقایەی بە هۆی کێشی عەرووزی، یان کێشی پەنجەیی یەکسان لە هەموو لەتە دێرەکاندا و سەروای یەکگرتوو و جووت سەروا لە شیعری کلاسیکی و کۆندا بەدیدەهات، گرنگییان خستۆتە سەر مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە.

(هەموو دەقێکی شیعری تەواو، ڕیتمێکی ناوەوەی تایبەت بە خۆی هەیە، گەڕان بە دوای ئەم ڕیتمەدا، تێگەیشتن و هەستکردن بە ئیستاتیکای دەقەکە قووڵدەکاتەوە، مەبەستیش لە مۆسیقای ناوەوە هەستکردنە بە ئیستاتیکای زمان و بەهای دەنگیی و ڕۆنانی، بەڵکو لە ڕێگەی چەند دیاردە و بنەما و تەکنیکێکی تایبەتییەوە دێتە کایەوە. (حسێن، ٢٠٠٨، ١٩٨ ).

هەر بۆیەش ئەو شاعیرانەی لە سنوری کارەکەی ئێمەدان دەکەونە ناو ئەدەبی نوێ و هاوچەرخەوە، لەبەرئەوە تەنها ئاماژە بە بنیاتی مۆسیقای ناوەوە دەکەین.

**١.مۆسیقای ناوەوەی شیعر:**

مۆسیقای ناوەوەی شیعر کە ڕیتمی شیعر پێکدەهێنێت لایەنێکی گرنگی مۆسیقای شیعرییە...، مۆسیقای ناوەوەی شیعر خۆی لە ڕێکخستنی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێڕە شیعر و پاش و پێش کردنیان و دووبارەکردنەوەیاندا دەردەخات و بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێت، کە هەندێکجار لە مۆسیقای دەرەوە کاریگەرترە. (مستەفا، ٢٠٠٩، ١٣٠).

ئەگەر بنەماکانی مۆسیقای دەرەکی گشتی بن و زۆربەی شاعیران پێڕەویان بکەن، ئەوا بنەماکانی بنیاتی مۆسیقای ناوەوە دیاریکراو نین، هەر شاعیرێک بە سەربەستی بەکاریان دێنێت، تا ڕادەیەکی زۆریش تایبەتمەندی و شێوازی شاعیرێکی پێجیادەکرێتەوە. (حسێن، ٢٠٠٨، ١٩٨).

کەواتە بنەمای مۆسیقای ناوەوەی شیعر پشت بە بەهای دەنگی و ڕۆنانی دەبەستێت، ئەمەیش بە چەند شێوازێک دروست دەبێت، لەوانە: (لادان، دووبارەکردنەوە، دوالیزمی دژیەک، هاوواتایی...)، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەدا (دووبارەکردنەوە، دوالیزمی دژیەک) وەردەگرین، کە زیاتر لە شیعری ئایدۆلۆژیادا بەپێی جۆرەکانی ئایدۆلۆژیا کەمی و زۆری و گرنگیپێدانیان گۆڕانکاری بەسەردادێت.

أ. دوالیزمی دژیەک.

ب. دووبارەکردنەوە.

**أ. دژیەک:**

بەگشتی (دوالیزمی دژیەک) ڕەوشی چۆنێتی لێکۆڵینەوەی (سۆسێر)ە لە زمان. سەرەتا لە پێناسەی زماندا پێیوایە کە: سیستێمکی هێماییە، هێماکان یەکتر تەواو دەکەن و ڕووندەکەنەوە، بەها لە یەکتر وەردەگرن، پەیوەندی نێوان ( هێما) و (واتا)کەی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییە، یەکتری تەواو دەکەن واتە واتا و ڕۆڵ بۆ یەکتری تەواودەکەن، لە کۆتایدا، کە دەڵێت بەها لە یەکتر وەردەگرن، واتە کاتێک دەڵێن( چاک)، بۆ ئەوەیە جیایبکەینەوە لە ( خراپ)، یاخود ( ڕەش ) بۆ ئەوەیە جیایبکەینەوە لە (سپی) و ڕەنگەکانی دیکە، کە ئەمەش هەمان دوالیزمی دژیەکە، واتە هێنانی وشەیەکە بۆ جیاکردنەوەی لە بەرامبەرەکەی، یاخود دژەکەی. ( عەبدلڕەحمان، ٢٠١٤، ١٢١ ).

دوالیزمی دژیەک، سیستمێکی زمانەوانی و فیکریە، زادەی دژیەک بوونە بە شێوەیەکی تیۆری و ئامانج لێی دەرخستن و ڕونکردنەوەی دژیەکێکە بەرانبەر دژەکەی. ( عەبدلڕەحمان، ٢٠١٤، ٢٤ ).

بەیانیان سۆفییەکی نورانییە

ئێوارانیش جلی ( بارق ) و ( حەجاج) ی

لەبەردایە ( بێکەس، ٢٠١١، ١٥٩).

هەردوو وشەی (بەیانیان) و ( ئێواران)، بەهەردووکیان دوالیزمی زەمەنی ناو دەقەکە پێکدەهێنن، کە ئەمەش زیاتر لە پرەنسیپەکانی میتۆدی بونیادگەرییەوە نزیکە، نەک میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، چونکە پرەنسیپەکانی ئەمان بەزۆرەی خۆیان لە دوالیزم بە دوور دەگرن. وشەکانی ( سۆفییەکی نورانی) بەرانبەر ( بارق) و ( حەلاج)، هاودژیی و ناتەبایی دروستکردووە، نەک ڕێککەوتن. (بەرزنجی، ٢٠١٤، ٥٧).

دەخیل بیم وە نوتق خەمان لاڵ کەردەم
لاڵام جە خەیاڵ خەم غارەت بەردەم. (مەولەوی، ٢٠٠٤،٢٣٥)
( نوتـق): واتە دەنــگ و قســەکردن، کە لەجیــاتی ( زمــان) هــاتووە وەکــو هاوواتــایەک و لەهەمانکاتدا (خوازە)ی بەرەڵایە و پەیوەندییەکی لازم و مەلزومی یەکترییە، مەولەوی دەڵێت: کە نامەکەت هات دەسەوداوینی (زمان)م بووم، کە خەم لاڵی کردبوو، هەروەها لاڵامەوە لە خەیاڵم، کە خەم بە تاڵان بردبووی. لێرەدا (نوتق) بە واتای دەنگلێهاتن، کە خوازەیەو لەبری (زمـان) هـاتووە، دوالیزمــی دژیەک دروسـت دەکـات لەگەڵ ( لاڵبـون)، بە هێنـانەدی وشـە بنەڕەتییەکە، کە ( زمـان) لابردنــی ( نوتـق) کە دژی ( لاڵ)یە، دژیەک بـوونەکە نامایێنیـت. ( عەبدلڕەحمان، ٢٠١٤، ١٦١).
(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:
ئەمە نەفرەتی گومانە یان یەقین؟
کە وێنەی لێڵ و سەرەوخواری خۆم
ڕواڵەتی بوونمە
کە بیرچوونەوە ڕووناکترین هەقیقەتە
هۆشیارییش: ئەفسانە. (هەڵمەت،٢٠١٤،٢٢٨)
لێرەدا وشەکانی (گومان، یەقین)، (بیرچوونەوە، هۆشیاری)، دوالیزمـی دژیەکن، (گومـان) لە ئایندار ی تەسەوفدا چاکترین ئامڕازە بۆ گەیشتن بە هەقیقەت، یان بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستییە ڕواڵەتییەکـان ئاشـکرابکرێن، هەرچەندە لەڕواڵەتدا دوالیزمـی دژیەکن، بەڵام هاتنیـان پێکەوە تەواوکارییە، گومان ڕێگە ڕاستەکەی گەیشتن بە یەقینە، (بیرچـوونەوە)یش، واتە وازهێنـان و لە بیرکردنــی ڕواڵەت و گەڕانەوە بـۆ نـاخ و دەرون ئەمەیـش ڕێگـایەکە بـۆ خـۆدۆزینەوە و ڕۆشنکردنەوەی دەرون و دواجار کەسەکە بە هۆشیارییەکی شایستە بە مرۆڤ دەگات.
هەروەها (لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:
ئەی گوناه
ئەی ڕێگا پاکیزەکە
تۆ نەبای
دڵداران و دەروێشان و شاعیران
چۆن خوایان بدۆزیبایەتەوە. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٨٨٨).
لێرەدا هەردوو وشەی (گوناه، پاکیزە) دوالیزمی دژیەکن، دیسان شاعیر بۆ گەیشتن بە پاکیی و پاکیزەیی (گوناه) بە تاقانە ڕێگا دەزانێت، وەک چۆن ئەگەر تاریکی نەبوایە، لەزەتـی ڕونـاکی هەستی پێنەدەکرا، ئەگەریش (گوناه) نەبوایە چۆن خوامان بدۆزیایەتەوە.
هەروەها لە شیعری (مەیموون)دا دەڵێت:
دارستان چ دڕندەیەکی میهرەبانە
دارستان نەبێ
کێ تابووت
بە مردووەکانمان دەبەخشێت. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٨٢٨).
لەم شـیعرەدا (میهرەبـانی، دڕەنـدەیی) دوالیزمــی دژیەکـن، لە ڕووڵەتـدا هەر کردارێـک میهرەبـانی تێـدابوو، ئەوا دڕنـدانە نییە، بە پێچەوانەیشـەوە، بەڵام لێرەدا هۆکـاری هـاتنی ئەم دوالیـزمە دژیەکە پـێکەوە، بـۆ تێگەیشـتن لە مـردن دەگەڕێـتەوە، کە دوو بۆچـوون دەربـارەی هەیە، بۆچوونێکیان بە کارەسات و بۆچونێکیشیان، کە بۆچوونی دینییە، مردن بە ڕزگاربوون لە دنیا کە خراپە، بۆ لای خودا گەڕانەوە بردنەوەیە.
یاخود دەڵێت:
من لەتیف هەڵمەتم
خەو بە جەنگی ئاشتی یەوە دەبینم. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٣٣ ).

لێرەدا کۆکردنەوەی دوو دژیەکی وەک (جەنگ، ئاشتی)، بۆ مرۆڤ لە هەردوو دنیای دەرەوە و ناوەکییدا، (جەنگ)، ئەو مۆتەکەیە کە هیچ کات یەخەی مرۆڤی بەرنەداوە و لە کۆڵی نەبوووەتەوە، بۆیە (ئاشتی) ئەو تەنها ئومێدەیە کە مرۆڤ لە جەنگ ڕزگاربکات، هەربۆیە ئەگەر جەنگ بە هەموو خراپەکانیشیەوە ئەگەر لە پێناو ئاشتیدا بکرێت ئەوە ڕەوایە.

هەروەها دەڵێت:

بۆنی خوێن دێ
خوێنێکی سپی... سپی
سپی وەک پشکۆ
منم..منم
لە قوڵایی دەریایەکیی وشک و زڕدا
خەریکی ماسی گرتنم. (هەڵمەت).

لێرەدا (خوێن، ڕەنگی سپی)،(ڕەنگی سپی، پشکۆ)، لەگەڵ (دەریا، وشک و زڕ)دا دوالیزمی دژیەکن، هەموویان پێکەوە گوزارشت لە بارودۆخێکی خراپ و ناهەموار دەکەن، دواجار دۆخەکە بە دەریایەکی وشک بێ ئاو دەبینێت، بەڵام ئەمە شاعیر بێئومێد ناکات، ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات.

چەمی مەییو توایەوە
باسی زامی دیلێتی خۆی
بۆ کەنار و دارەکانی گێڕایەوە

لێرەدا (لەتیف هەڵمەت)، لەڕێگەی هەر دوو وشەی (مەییو، توایەوە)، کە دژیەکن دەیەوێت باس لەو ئازارە بکات، کە نەک هەر مرۆڤەکان، بەڵکو تەواوی خاک و ئاو و سروشتیشی گرتۆتەوە.

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (لاوکی هەڵەبجە)دا دەڵێت:

بەیانی بوو وەک ئیستا
نە هەتاو بوو نە سێبەر
نە بێدەنگی، نە پەیڤین
نە کۆتایی دیاربوو نە سەرەتا. (سابیر، ٢٠١٤،٥٠٢).

لێرەدا وشەکانی (هەتاو، سێبەر)، (بێدەنگی، پەیڤین)، (کۆتایی، سەرەتا)، دوالیزمی دژیەکن، شاعیر لەڕێگەی ئەم دوالیزمە دژیەکانەوە وەسفی کاتێک لە ڕۆژ دەکات، کە بەیانییە، جۆرێکیش مۆسیقای ناوەکی بۆ شیعرەکە دروستکردووە.

هەروەها (ڕەفیق سابیر) دەڵێت:

من لە بێداریدا تەنیابوم
وێنەی ئاگرێکی تاریک داگیرسابوم. (ڕەفیق سابیر، ٢٠١٤، ٥٠٢).

لێرەدا شاعیر بە لێکدانی هەردوو وشەی (ئاگر، تاریک)، کە لەڕووی واتاوە دژ یەکن و یەکتر ڕەتدەکەنەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ پێشاندانی گەورەیی و بە تینی ئاگرەکەیە، واتە لە بە تینی و جۆش و خرۆشی سوتانیدا ڕەش داگیرساوە تاریک بووە.

هەروەها (ڕەفیق سابیر) لە شیعری (مێدیتاسیۆن)دا دەڵێت:

بەنیازی خۆ ڕووناک کردنەوە بە قۆڵایی
  تاریکیدا ڕۆدەچووم
لە ناخی بەستەڵەکدا
خۆم گەرم دەکردەوە. (سابیر،٢٠١٤، ٢٢٣).

لێرەدا وشەکانی (ڕوناکی، تاریکی)، هەروەها (بەستەڵەک، گەرمکردنەوە) دوالیزمی دژیەکن، بەهای ئیستاتیکی شیعرەکە بەرزدەکەنەوە، ئەم شیعرەش گەڕانەوە بۆ دەرونی خۆت، پاکردنەوەی دەرون بابەتێکی تەسەوفە، هەروەها لە کۆپلەیەکی دیکەدا دەڵێت:

تۆ شتێکت لەگەڵ خۆت هێناوە نە لە بەیان دەچێت
نە لە شێوان،
نە لە بوون دەچێت
نە لە نەبوون.
زەریا کەناری خۆی دەخوڵقێنێت
تۆیش سەرەتای زەمانی من. (سابیر،٢٢٦،٢٠١٤).

لێرەشدا وشەکانی(بەیان، شێوان)، (بوون، نەبوون)، (تۆ، من) دوالیزمی دژیەکن.

(عەبدوڵلا پەشێو) لە کۆمەڵە شیعری (شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم)، لە شیعری (شەو نییە خەو بە چیاوە نەبینم)دا دەڵێت:

بەندییەک تاسەر حوکم درابێ،
سنگم لە پێی بێ و کەلەپچە لە دەست،
لە زیندانێکی تەنک ئاخنرابێ.
چەند سوارچاکانە
خەو بە ئەسپی شێ و باوە دەبینێ،
چەند مناڵانە
خەو بە ئەستێرە و گیاوە دەبینێ،
منیش شەو نییە،
وەک ئەو بەندییە،
خەو بە هێزێکی واوە نەبینم
من بۆ چیا ببا... یا چیام بۆ بێنێ. (پەشێو،٢٠١٤، ٤٢٤).

لێرەدا شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی هەر دوو دەستەواژەی (سوارچاکانە، مناڵانە)وە، کە لە ڕووی واتاییەوە دژیەکن، هەوڵدەدات هەر دوو لایەنی مرۆیی، کە لایەنی شەڕ و ئاشتییە دەرخات، زاڵبوونی هەر لایەنێک لە شەڕ یان ئاشتی، لە تۆڵەکردنەوە یان لێبوردەیی، پەیوەندی بە ژینگە و ژیانی مرۆڤەوە هەیە.

هەروەها (عەبدوڵلا پەشێو) لە شیعری (خۆڕا عەیامێک)دا دەڵێت:

خۆڕا عەیامێک چەنەی خۆم شل کرد!
لەگەڵ تاپۆدا جاڕی جەنگم دا و
تیخی مووکاری زمانم کول کرد. (پەشێو، ٢٠١٤، ٥٠٢).

لێرەدا لە نیوە دێڕی سێیەمدا هەردوو وشەی (مووکار، کول) دوالیزمی دژیەکن، بە هاتنیان پێکەوە شاعیر گوزارشت لە کارێک دەکات، کە پێیوایە باشی نەکردووە و پەشێمانی دەردەبڕێت. هەروەها دەڵێت:

ئێستا حاڵیم!
ئەو گەورانەی لە گەڵیاندا شەڕم جاڕدا
دەیان ساڵە
فیرعەونی مۆمیاکراوی... تابووتزێڕن،
گورگی دووپێی نێزیک و دوور
چواردەستەکی بە شاراندا دەیانگێڕن.

لەم کۆپلەدا لە نیوەدێڕی پێش کۆتایی هەردوو وشەی (نێزیک، دوور) دوالیزمی دژیەکن، مەبەست دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوەی خۆمانە.

کەواتە دوالیزمی دژیەک یەکێکە لە بنەما ئیستاتیکییەکان و ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە بەخشینی شیعرییەت بە دەقی شیعریی، بەڵام ڕەنگدانەوەیی و هاتنی لەڕووی کەمی و زۆرییەوە بەپێی جۆر و ئاستی شیعرەکە گۆڕانکاری بەسەرردادێت، لە کۆتایی ئەم بابەتدا ئەوەمان بۆ ڕونبووەتەوە، کە دوالیزمی دژیەک لە ئایدۆلۆژیای ئاینی و بەتایبەتی لە بابەتی

تەسەوف و عیرفاندا لە هەموو جۆرەکانی تر زیاتر بوونی هەیە، ئەمەیش بۆ دوو حاڵەت دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەو گیانی یاخیبوونەیە کە لە عیرفان بەگشتی و ئەدەبیاتی عیرفانیدا بوونی هەیە، بەرانبەر بە ژیان بەگشتی و تەرز و جۆرە دینداریيەکی باو و ڕووکەشی، دووەم بۆ ڕوناکردنەوە و دەربازبوونە لە جیهانی پەنهان شاراوەی دەروون و نمایشکردنی بە دنیای دەرەوە و نیشاندانییەتی.

**ب. دووبارەکردنەوە:**

دووبارەکردنەوە لە شیعری ئایدۆلۆژیدا زیاتر بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە بۆ وشەیەک، گوزارشتێک، یان ڕستەیەک هەندێک جاریش بە دووبارەکردنەوەی چەند جارەی کۆپلەیەک، ئەمەش بۆ گەیاندن و جەختکردنەوەیە لەسەر پەیامێک، کە شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێت.

دووبارەکردنەوە لە شیعردا دوو مەبەست دەپێکێت، یەکەم/ چێژبەخشین، کە مەبەستێکی ئیستاتیکی ڕووتە، دووەم/ سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە بۆ ئەو (وشە، گوزارشت، ڕستە،..)ی دووبارە دەکرێتەوە. (حسێن، ٢٠٠٨، ٢٠٧).

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:

تۆ کۆمەڵێ بەفری<br>
بەفری ژەنگن<br>
بەفری کرماوی<br>
بەفری گڵاو<br>
تەنانەت دڵیشت<br>
خوا لە بەفر دروستی کردوە<br>
بەفری ڕق و کینە<br>
بەفری بێ خەون<br>
بەفری (ڕەش) ڕەش...ڕەش<br>
وەک (کۆشکی) ئەمریکا..!. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣٣٣)

لێرەدا (لەتیف هەڵمەت)، شەش جار وشەی (بەفری) دووبارەکردووەتەوە، زیاتر بۆ پیشاندانی دیوە دزێو و لایەن نەرێنییەکانی مرۆڤە.

یاخود دەڵێت:

بازنە گەلێک کە دڵ سیخناخ دەکەن<br>
لە پەپولەی خەمی کارەبایی<br>
بازنەی خوایی<br>
بازنە دەسکرد<br>
بازنەی خۆماڵی<br>
بازنەی حزبایەتی<br>
بازنەی بەرەڵایی<br>
بازنەی لۆکی بیانی<br>
بازنەی ئاینی<br>
بازنەی کۆمەڵایەتی<br>
بازنەی ڕامیاری<br>
بازنەی سەربازی<br>
بازنەی سێکسی<br>
بازنەی ماتماتیکی و<br>
فیزیایی و جوگرافی و شێوەکاری. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٦٩).

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی وشەی (بازنەی)، توانج ڕەخنەی ئاڕاستەی هەموو ئەو بازنانە دەکات، کە مرۆڤ لە خۆی دووردەخاتەوە، جا ئەو بازنانەی کە مرۆیین و تەنانەت سنور و بازنەیەکیش، کە بە ناوی خواوە کێشراوە.

هەروەها لەم شیعرەدا دەڵێت:

هەموو کەسێ دەمرێ
هەندێ کەس بە نەخۆشی
هەندێ کەس لە ترسا
هەندێ کەس بە ئوتۆمبیل
هەندێ کەس لە خۆشیا
هەندێ کەس لە برسا
هەندێ بە لافاو
هەندێ کەس بە گوڵە
هەندێ کەس لە بەندیخانەدا
هەندێ کەس لە شەڕدا
هەندێ کەس بە ژەهر
بەڵام من
عەشقی تۆ دەمکوژێ
ئەی نیشتیمان..! (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٥٥٨).

لێرەدا (لەتیف هەڵمەت) لەڕێگەی (هەندێ کەس)، کە (١٠) جار دووبارەکراوەتەوە، چەندین هۆکاری مردنی ئاماژە پێداوە، دەیەوێت پێمانبڵێت، کە سەرئەنجام و دواجار هەموو کەسێک دەمرێت، کەواتە لەوەدا وەک یەکین، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە، کە چۆن دەمرین، لە کۆتایشدا باشترین و شیاوترین مردنی لایەق بە مرۆڤ بە مردن لە پێناو نیشتیماندا دیاریدەکات.

ئاگربارانە
ئاگربارابە
کامیان هەڵگرم؟
کامیان دەربازکەم؟
ئەویان نەخۆشە و نۆبەرەمانە
ئەوی دی تازە پێڕەوکە بووە، چاو پڕ بیبیلە، دەم پڕ زمانە!
دوو دەستم هەبوون
یەک دوژمن بردی، یەکێکم ماون.
کامیان هەڵگرم؟
کامیان دەربازکەم؟
ئەویان بەندی دڵ
ئەوەی تریشیان گلێنەی چاوە! (پەشێو، ٢٠١٤ ، ١٥٨).

لێرەدا (عەبدوڵلا پەشێو)، لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی (ئاگر بارانە)، لە سەرەتاوە وێنەی ئەو بارودۆخە نالەبار و سەختە و دژوارەمان بۆ دەکات، کە میلەتەکامان تێدا دەژی، هەروەها لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی (کامیان هەڵگرم، کامیان دەربازکەم)، کە هەریەکەیان دووجار دووبارەبووەتەوە، ئەوەمان پێدەڵێت، کە لەم بارودۆخە تاڵ و پڕ لە ناسۆر و کارەساتاوییەدا، کەسانی دەوروبەر و خۆشەویستانمان سەلامەت نین، هەر چییەک بکەین ناتوانین ڕزگاریان بکەین.

باربکەن بڕۆن!
باربکەن بڕۆن!

میوەی درەختەکانمان تاڵە
ئاومان سوێرە
هەنگوینمان بە دەمتان کاڵە
بارکەن بڕۆن!
بارکەن بڕۆن! (پەشێو،٢٠١٤،پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە،لا ٢٧٢، ٧٥).

لێرەدا شاعیر چەندجار دەستەواژەی (بارکەن بڕۆن)ی دووبارەکردووەتەوە، کە ئەمەش ئاماژەیە، بۆ سیاسەتی بە عەرەبکردن (تەعریب)، کە ڕژێمی بەعسی عەرەبی لە بەرامبەر گەلی کورد و دانیشتوانی چەندین ناوچەدا پەیڕەوی دەکرد، لەم ڕێگەوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە کوردستان ئێوە لەخۆ ناگرێت و هیچ شتێکی ئێوەی لێ شین نابێت، هەموو شتێکی نیشتیمان بۆ ئێوە مایەی ناڕەحەتی و تاڵییە.

(ڕەفیق سابیر) لە کۆمەڵە شیعری (لاوکی هەڵەبجە)دا دەڵێت:

ئەمجارەشیان چارەنووسمان بە خەتی درشت
لەسەر هەور و –با- نووسییەوە
چارەنووسمان وەکو میرات
بەسەر خێڵی گورگ و چەقەڵدا بەشییەوە. (سابیر، ٢٠١٤،٥٥٣).

لێرەدا و دووبارەکردنەوەی وشەی (چارەنووسمان)، لە هەردوو بەیتەکەدا، بۆ زیاتر جەختکردنەوەیە لە بارودۆخی خراپ و پێشبینی ئایندەیەکی خراپ، واتە دووبارەکردنەوەکە ئەوەندەی مەبەستی گەیاندنی پەیامێکە، ئەوەندە بۆ چێژبەخشین و مەبەستێکی ئیستاتیکی نییە.

هەروەها دەڵێت:

هەتا خاک و خۆشەویستی و هەتاو مابێت
هەر دەژیت و هەر دەژیت و دەژیتەوە
خەمە چینایەتییەکانت دەکەیتە کۆڵ
جارێکی کەیش
سەد جاری کەیش
بەسەر ڕێگای سەربڕیندا دەچیتەوە. (سابیر، ٢٠١٤، ٨١٠).

لێرەدا شاعیر بە دووبارەکردنەوەی وشەی (هەر دەژیت)، مەبەستی گەیاندنی بیر و ئایدیایەکە، کە جۆرێک لە نەمری پێدەخشێت، هەربۆیە دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی (سەد جاری کەیش)، لەدوای (جارێکی کەیش)، بۆ زیاتر جەختکردنەوەیە.

کەواتە دیاردەی (دووبارەکردنەوە) لە شیعری ئایدیۆلۆژیدا دیاردەیەکی باو و گرنگە، بەتایبەتیش لە جۆرەکانی ئایدۆلۆژیای (نەتەوایەتی، سیاسی، حزبی)دا زیاتر دەردەکەێت، ئەمەیش بۆ زیاتر جەختکردنەوەیە، نەک لایەنی ئیستاتیکی، کاریگەری نەرێنی بۆ سەر ئاست بەهای ئیستاتیکی شیعرەکە هەیە.

**دووەم/ ڕەمز:**

ڕەمز بەهایەکی ئیستاتیکی تری شیعرە و ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیادی شیعردا هەیە، زاراوەی ڕەمز (Symbol) لە بنەڕەتدا لە کاری (Symballeein)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە.

ڕەمز بە شێوەیەکی گشتی دوو چەمکی هەیە:

1. هێنانەوەی شتێک لەجیاتی شتێکی تر، یاخود ئاماژە بۆ شتێکی تر دەکات.
2. ڕەمز کارلێککردنی نێوان دوو شتە یەکێکیان ئاشکرا و ئەوی تریان نهێنی.

لە شیعری ئایدۆلۆژیدا بەپێی جۆری بابەتەکە مەبەستی بەکارهێنانی ڕەمزەکەش دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە شیعرێکی نەتەوایەتیدا جۆری ڕەمزەکەش بۆ مەبەستی نەتەوایەتی بەکاردێت، هەرچەندە ڕەمزەکەیش ڕەمزێکی ئاینی بێت.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لە شیعری (ماچ)دا دەڵێت:

ئەوەی گوشیت دەست نەبوو

ئەژدیهایەکی پێنجسەر بوو

ئەوەی ماچت کرد ڕوو نەبوو

تۆماری قانوونی جەنگەڵ

شوورەی بەرلین، سمی کەر بوو. (پەشێو، ٢٠١٤، ١٤٧).

لێرەدا بابەتی شیعرەکە سیاسییە و شاعیر ڕەخنەی توند لە سەرکردەکان دەگرێت، لە کاتێکدا کە شاندی دەسەڵاتی کوردی سەردانی بەغداد دەکەن، دەست و دەموچاوی دەستەڵاتدارانی بەغداد لەڕێگەی چەند ڕەمزێکەوە بە: (ئەژدیها، جەنگەڵ، شوورەی بەرلین، سمی کەر) دەچوێنێت.

(لەتیف هەڵمەت) دەڵێت:

من فەرهادم. بەڵام دلْدارەکەم شیرین

نییە

دلْدارەکەم وڵاتەکەمە و وڵاتەکەم

من فەرهادم بەڵام ئەمجارە بێستون

هەڵناکۆڵم. نەخشەی زەوی دەگۆڕم. (هەڵمەت، ٧٤٤،٢٠١٤).

لێرەدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەمزی (شیرین، فەرهاد)ەوە شاعیر شیرین وەک ڕەمزی نیشتیمان بەکاردەهێنێت، شاعیر خۆی وەک فەرهاد دەچوێنێت، ئامادەیە لە پێناوی نیشتیمانە بێ ناونیشانەکەیدا نەخشەی زەوی بگۆڕێت.

(ڕەفیق سابیر) لەم شیعرەدا دەڵێت:

من شەوانە

بە ناڵەت بێداردەبمەوە

لەگەڵ هەموو شەهیدێکتا

دەکوژرێم و ڕادەبمەوە

من حەللاجی وڵاتێکی وێرانەم و

دلْم تژی نوری خوایە

پەیامەکەم: سەرکەشی مەوجی دەریایە

من مەسیحی زەمانەم و

خاچەکەم ژانی ئاسیایە (سابیر، ٢٠١٤، ٣٣٤).

هەڵەبجە ئاوێنەی ڕۆحە

هەڵەبجە درەختی خوێنە

خۆڵ دەیدێرێت

سەری بڕوای (حوسەین)ە

بە وڵاتاندا دەیگێڕن

چریکەیەکی زامدارە

ئەم هەرێمە دەهەژێنێت

زەوی بێدار دەکاتەوە

لوتکە و بنار ڕادەژێنێت...(سابیر، ٢٠١٤، ٤٢٤).

لەم شیعرەدا شاعیر ڕەمزێکی ئاینی بۆ بابەتێکی نەتەوەیی بەکارهێناوە، (حوسەین) ڕەمزێکی ئاینییە و ئاماژەیە بۆ قوربانیدان و زوڵم و بە ناحەق شەهیدکردن، لە ڕێگەی ئەم ڕەمزەوە گەورەیی و کارەساتی بە ناحەق ژەهربارانکردنی هەڵەبجە دەرخات.

تۆ، لە سەردەمی کورتەباڵایان

باڵای بەرزی خۆت لەکوێ هێناوە؟

تۆ، لەسەردەمی قاتی نەهاتا،

وەرزی سەوزی خۆت لەکوێ هێناوە؟

لەبەر خرینگەی

شیر و ... زرینگەی

ئاڵتوونی قورەیش

چۆن گوێت لە ناڵە و نرکەی عەلی بوو؟

چۆن لەبەر ژاوەی ئایشە و حەفسان

گوێت لە سکاڵای ماریەی قیبتی بوو؟ (پەشێو، ٢٠١٤،)

(عەبدوڵڵا پەشێو) ئەم شیعرەی بۆ (هادی عەلەوی) نووسیووە، (هادی عەلەوی) ئەو بیرمەندە و نووسەرە دەگمەنانەی عەرەبە، کە لە کاتی شەهیدکردنی هەڵەبجە دەستبەردار و نکۆڵی لە ناسنامەی عەرەبایەتیی خۆی کرد و سەربەخۆیی کوردستانی بە ڕەوا زانی، شاعیر

لەم شیعرەدا (قورەیش، عەلی، ئایشە، حەفسە، ماریەی قیبتی) وەک ڕەمز بەکارهێناوە، هەریەک لەمانە دەگەڕینەوە بۆ سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلام، شاعیر بۆ نرخاندنی ئەو هەڵویستەی (هادی عەلەوی)، هەڵوێستەکە تێکەڵ بە ئەو ڕوداو و بەسەرهاتنەی سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلام، کە لە پێناو بیرباوەڕەکەیاندا، بە گیان و ماڵیان قوربانییانداوە.

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (سێ نامە)دا دەڵێت:

لەو ڕۆژەوە لاشەی ساوات

ئەستێرەی گەشی پڕ هیوات

بە دوکەڵی سەدان چرای

سووتاوی ناو هەر (چوار چرا)ی چاوەکانت

دەخنکێنن وەکو ئەمڕو

وەکو ئەمڕۆ. (سابیر، ٢٠١٤،)

شاعیر لەم شیعرەدا (چوار چرا)ی وەک ڕەمزێکی نەتەوەیی و زوڵم و ستەم لە گەلی کورد و بە داراکردنی پێشەوا (قازی محەمەد) بەکارهێناوە، بۆ نیشاندانی هەموو ئەو زوڵم و ستەمەی کە لە ڕابردوو و لە ئێستایشدا بەرانبەر بە مرۆڤەکان دەکرێت.

شارەکەی من یەکەم شانۆی تارانە

جەردە یاسای بەدەستە

پێغەمبەر دیلی زیندانە

حەلاج نوقمی خوێنی خەستە

ئەبوولەهەب خاوەنی ئینجیل و قورئانە

لەم شارەدا.. لە شارەدا

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا (پێغەمبەر، حەلاج، ئەبوولەهەب، ئینجیل، قورئان)ی وەک ڕەمز بەکارهێناوە، لەپێناو نیشاندانی ئەو زوڵم و ستەم و ناداديیەی، کە لە چواردەوریدا دەگوزەرێت، وا نیشانی دەدات کە بابەتەکان ئاوەژوو بوونەتەوە.

کەواتە ڕەمز بە گشتی بەهای ئیستاتیکی بە شیعر دەبەخشێت، لەم شیعرانەی کە وەرمانگرتووە شاعیران ڕەمزەکانیان زیاتر بۆ مەبەستی سیاسی و نەتەوەیی بەکارهێناوە، لەناو جۆرەکانی ڕەمزدا ڕەمزی ئاینی بە ئاستێکی بەرز دەبینرێت، ڕەمزە ئاینییەکان بە بەراورد بە جۆرەکانی تری ڕەمز بۆ بەخشینی شیعرییەت بە شیعرەکە کاریگەرترە، ئەمیش بۆ ئەو ئاستە قوڵەی کاریگەری ئەو بەسەرهات و ڕوداوە ئاینییانەیە لە هەست و ناهەستی مرۆڤی کوردا هەیە دەگەڕێتەوە.

**سێیەم/ وێنەی شیعری:**

وێنەی شیعری لەپاڵ زمان و مۆسیقادا پایەیەکی گرنگی دەقی شیعرییە، کە بێگومان لە مێژووی گەشەسەندنی شیعریی لە هەر زمانێکدا وێنەی شیعریش گۆڕانی بەسەردا دێت، (سی

دی لویس) دەڵێت: "وێنەی شیعری لە سادەترین واتایدا وێنەیە بە وشە، وەسف و خوازە و لێکچوون وێنە دروست دەکەن"( مستەفا، ٢٠٠٩، ١٣٨). (ئەزرا پاوەند) دەربارەی وێنەی شیعری دەڵێت: ڕواڵەتێکە لە تێکەڵکردنی سۆز و هۆش لە ساتێک لە ساتەکانی ژیاندا" (مستەفا. ٢٠٠٩، ١١٥). (محەمەد غنێمی هیلال) وێنەی شیعری بە گرنگترین هۆکاری گواستنەوەی ئەزموونەکانی شاعیر دادەنێت و دەڵێت: " هۆکاری جەوهەری هونەری بۆ گواستنەوەی ئەزموون وێنەیە لە هەردوو واتای (بەشی و گشتی)دا، ئەزموونی شیعری بە تێکڕا وێنەکی گەورەی هەمەلایەنە. (مستەفا. ٢٠٠٩. ١٥٨). هەربۆیە هەوڵدەدەین وێنەی شیعری تەنها وێنەی (لێکچوواندن و خواستن)، لە شیعری شاعیرانی باسەکەماندا باسبکەین.

**1 .لێکچوواندن:**

وێنەی شیعری لێکچوواندن، بەو شێوە پێناسە دەکرێت، کە بریتییە: لە چوواندنی شتێک بە شتێکی دیکەوە لەبەر هەبوونی خەسڵەتێک، یان زیاتر لە خەسڵەتێکی هاوبەش بێ بەکارهێنانی ئەوزار و ڕووی لێکچوون، هەشیانە بەسوود وەرگرتن لە ئەوزار و ڕووی لێکچوون، جا لە هەردووکیان، یان لە یەکیان. (عەبدوڵلا، ٢٠١٣، ١٤٦).

لێکچوون ڕەگەزێکی بنەڕەتییە و جوانی بە دەق دەبەخشێت، زیاتر لە تێگەیشتن نزیکیدەکاتەوە، ڕەگەزێکی پێویستییە بۆ گەیاندنی مەبەست، چونکە لە لێکچووندندا نواندنی وێنەکە و سەلماندنی بیرۆکەکان و وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی دەروونی هەیە. (عەبدوڵلا ٢٠١٦، ٤٤٩).

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:

دوێنێمان ماسی یەکی دڕندە بوو

پێمان ڕوا نەکرا

ئەمڕۆشمان ماسی یەکی بچکۆلەیە

کەسمان تێر ناکات

بەوەش ناخۆم کە جادوگەرەکە دەڵێ

سبەینێمان ماسی یەکی گەورەیە (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٤٧٧).

شاعیر لەم شیعرەدا کاتی بە (ماسی) چواندووە، باس لە کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش دەکات، لە باسی ڕابردوودا وەک کاتێکی لەدەستچوو سەیریدەکات، بەوشێوە وێنای دەکات، کە سوودی لێنەبینراوە، لە باسی کاتی ئێستاشدا وەک پیویست ناگوزەرێت و سودی لێنابینین، بۆ داهاتووش نائومێدە بە قسەی جادووگەر نابێت، داهاتوومان بەندە بە سوودبینینمان لە ئێستا، کە ئێستاش وەک پێویست نەبێت، کەواتە داهاتوومان باش نابێت.

(عەبدوڵلا پەشێو) لەم شیعرەدا دەڵێت:

کورد: مریشکە ڕەشەکەیە

بە تۆپیش ناجوڵێتەوە

نازانم ماوە یا مردووە

دەیان ساڵە

لەسەر لوغمی ئۆتۆنۆمی کڕکەوتووە (پەشێو، ٢٠١٤، ٢٦٢).

کورد--- لێچووە

مریشک---لەوچووە

ڕازیبوون و کڕکەوتن و بێ دەنگی---ڕووی لێکچوواندنە

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا سەرکردایەتی کوردی بەهۆی بێدەنگی ڕازیبوونی بە ئۆتۆنۆمی، بە مریشکی کڕکەوتوو چواندووە، چونکە مریشک لەو کاتەدا بێ دەنگە و کەم دەجوڵێت.

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (شەوی کریستاڵ)دا دەڵێت:

شەمەندەنەفەر وەک بروسکە

بەناو تاریکترین تاریکیدا تێدەپەڕێت

لە هەر وێستگایەک بە پەلە دەوەستێت

ژیان بەرەو (ئاوشویتز) هەڵدەگرێت.....(سابیر، ٢٠١٤، ٢٥١).

شاعیر لەم شیعرەدا (شەمەندەنەفەر)ی بە (بروسکە) چواندووە، کە باس لەو شەوانە دەکات نازییەکانی ئەڵمانیا بڕیاری لەناوبردنی جولەکەکانیان دا، جولەکەکانیان کۆدەکردەوە و بە شەمەندەنەفەر بۆ (ئاوشویتز) دەیانگواستنەوە بۆ لەناوبردنیان.

**٢.خواستن:**

خواستن ڕۆڵێکی چالاکی لە پێکهاتە و داهێنانی وێنەی شیعریدا هەیە، جیاوازی لەگەڵ لێکچووندا لەوەدایە، کە لە لێکچووندا (لێچوو، لەوچوو) بوونیان هەیە، بەڵام لە (خواستن)دا تەنها یەکێک لەو دووانە دێت، ئەوەیش شیعرییەتی زیاتر بە دەقە شیعرییەکە دەبەخشێت.

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:

لافاوێک دێ.. لافاوێ تاریک پڕە لە زام

لەمەرگ.. لە نەخۆشی لە ماری خەم لە کرمی

گڕ...(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣٣).

لێرەدا (لافاو) خواستنە بۆ هێرش و پەلاماری دوژمن، دوژمن لە سیفەتدا لە لافاو دەچێت، لافاو زەرەر و زیانێکی گیانی و مادیی لە مرۆڤ دەدات، ئەمەیش مەبەستی شاعیرە، کە گەلەکەمان بە هێرش و پەلاماری دوژمنان دەکەوێت، شاعیر ڕاستەوخۆ ئەمەی نەوتووە، بەڵکو لەڕێگەی خواستنەوە ناڕاستەوخۆ پێشبینی پەلاماری دوژمنان دەکات و بەوەش کارەستات و ماڵوێرانی ڕوو لە هاوڵاتی دەکات.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەوسا... بڕۆم

تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمان گەشا

نەک هەر لەوێ،

لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤییەتناما،

لە ئەفریقای قولە ڕەشا

لە ئێرتیریای بێ بەهارە

لە هەر خاکێک دۆلار بژی

بژیێنمەوە سەد گیڤارا

(عەبدڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا بیری چەپ وەک تەنها ئایدیۆلۆژی ڕزگارکەری گەلانی ژێر دەستی سەمایەداری دەبینێت، دیارە لەو زەمەنەدا دیاردەی ئەنتێرناسیونالیستی چەپ و شۆڕشی دژی سەمایەداری بابەتە نەتەوەییەکانی پەراوێزخستبوو، باس لە چەمکی ناسیۆنالیزم مۆرکی دواکەوتوویی پێوە دەلکێنرا، شاعیر لەم شیعرە (دۆلار) ی بۆ سیستمی سەرمایەداری خواستووە، (گیڤارا)یش بۆ بیری چەپی شۆڕشگێری خواستووە.

(ڕەفیق سابیر) لەم شیعرەدا دەڵێت:

پەڵە هەورێک دادەدڕم و

لە ئاسمانی ڕۆژەکانما

وەک کۆلارە هەڵی دەدەم

نەء وەک وڵاتە دوورەکەم بۆ ڕۆح دەیکەم بە جۆلانە. (سابیر، ٢٠١٤، ١٢١).

شاعیر لەم شیعرەدا (پەڵەهەور)ی بۆ کەرەستەیەک، کە دادڕینی بۆ بەکاردێت خواستووە، ئەمیش بۆ کەرەستەیەک بەکارهاتووە کە لەگەڵیدا ناگونجێت، ئەم نەگونجانەش شیعرییەتی زیاتر بە دەقی شیعرەکە دەبەخشێت.

کەواتە هەردوو شێوازی (لێکچوواندن و خواستن) دوو شێوازی گرنگی پێکهاتەی دروستکردنی وێنەی شیعرین، بە ئەندازەی هاتن و ڕنگدانەوەیان لە دەقی شیعریدا بەهای شیعرەکە لە ڕووی شیعرییەتەوە بەرز دەکەنەوە.

**ئەنجام**

1. سەرەتا چەمکی ئایدۆلۆژیا تەنها بۆ لێکۆڵینەوە لە بیروباوەڕەکان بەکاردەهات، لە پێناو ڕاستی و ناڕاستی دەرخستنیان، دواتر ئایدۆلۆژیا بۆ هەموو بیروباوەڕێک بەکاردەهێنرا، کە کۆمەڵە کەسێک کۆبکاتەوە و هەوڵی پاراستن و بەردەوامیی و فراوانکردنی بدەن.
2. شیعری ئایدۆلۆژی لەڕووی ئیستاتیکییەوە بەئەندازەی باڵادەستیی ئایدۆلۆژیا لە شیعرێکدا، بەو ئەندازەیەش بەها ئیستاتیکییەکان لە شیعرەکەدا پاشەکشەدەکەن.

3. ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی بەها ئیستاتیکییەکانی وەک (زمانی شیعری، وێنەی شیعری، مۆسیقای شیعری، ڕەمز...،) بەپێی جۆر و باڵادەستیی ئایدۆلۆژیاکە دەگۆڕێت.
4. (دوالیزمی دژیەک)، زیاتر لە پێکهاتە ئیستاتیکییەکانی تر شیعرییەت بە شیعرەکان دەبەخشێت، بەڵام کەمی و زۆری پەیوەندی بە جۆری ئایدۆلۆژیاکەوە هەیە.
5. (دووبارەکردنەوە) لە شیعری ئایدۆلۆژیدا ئەوەندەی بۆ جەختکردنەوەیە، ئەوەندە بەهای ئیستاتیکی بە شیعرەکە نابەخشێت.
6. شاعیرەکان لە شیعرە ئایدلۆژییەکانیاندا پەنا بۆ ڕەمز دەبەن، بۆ زیاتر گەیاندنی پەیامەکەیان.
7. باڵادەستیی ئایدۆلۆژیا لە شیعری ئاینیدا بەتایبەتی بابەتی تەسەوف، بۆ کەمترین ئاست دادەبەزێت.

## Referrences

## First/ ba zmani kurdi:


-Barzinji, Ali Tahir, (2008), *Karigeri Rwange le Nwegeri Sheiri Kurdida*, chappy yakam, chapkhanai chwarchra, Sulaymaniyah.

-Thierry Eagleton, (2016), *Theory Adebbie*, Translation. Ata Qaredakay, chappy yakam, Taran.

-Fateh, Mohammed, (2009), *Raman le Ideologyakan*, chappy yakam, komalahiey ronakbiri, kirkuk.

-Babaei, Ghulamraza, (2003), *Farhangi Siasi Arsh*, W. Zahir Mohemehdi,Yasin Hajizadeh, chappy yakam, chapkhanai Rozhhalat, Hawler.

-Goran, Nabaz, (2019), *U Ideologyah*, chappy yakam, Andeasha, Sulaymaniyah.

-Aswad, Nawzah, (2015), *Farhangi Zarawakani Adab u Zansta Mrovayateakan*, chappy yakam, Gazalnus, Taran.

-Mohammed, Smko, (2018), *Rakhna le Ideologyah*, chappy yakam, hawler.

-Shariahti, Ali, (2017), *Zarawenasi*, chappy 2, chapkhanai Renama, Sulaymaniyah.

-Thirry Eagleton, (2008), *Marxism u Rekhnei Adabi*, W. Abdulkhaliq Yaqubi, Aras, Hawler.

-Michael Ferdin, (2012) *Derwazayak bu Ideologyah*, W. Karzan Kawsen, chappy yakam, chapkhanai Hevi, Hawler.

-Carl Maex u Frederick Angels, (2017), *Ideologyai Almani*, W. Omar Rasul, chappy yakam, dazgai dwaruzh, Hawler.

-Mstafa, Aso, (2009), *Beha Astatekeyakani* Sheir, chapkhanai khani, Duhok.

-Hussein, Jabbar, (2008) *Estatikai Daqi Shieri*, chappy yakam, chap u pakhshi sardam, Sulaymaniyah.

**Second be zmani Arabic:**

-Recor, pol,(2002), *Lectures in Ideology u Utopia*, Translated by Falah Rahim, United New Book House, Beirut.

-Bakir Khalil, ideology and knowledge

-Al- Bitar, Dr. Al- Nadim,(2000), *The ideology of Revolution*, Darbian, Beirut.

**Third be zmani farsy**

-Qaed, Mohammed, ( h1375), Introduction to political ideologies, chappy yakam, Tehran.

-Andrew Wood (2008), *An Introduction to Political Ideologies*, Translated by Mohammed Rafiei Mehr, chappy yakam, Tehran.

-Moin, Mohammed, (1381h), *Farhang Moin*, chappy 4, Tehran.

**Diwamni sheiri:**

-Halmat, Latif, (2014), chappy yakam, chapkhanani Ghazalnus, Tehran.

-Abdyllah, Pashew, (2014), chappy 4, chapkhanani Rozhhalat, hawler.
-.Rafiq, Sabir, (2014), chappy yakam, chapkhanani Ghazalnus, Tehran.